# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆی دهۆك

زانکۆی سوران

زنجیرە پەرتووکی کونفرانسیی جینوسایدی کوردی فەیلی (1)

GFK

# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

## (جینوسایدی کوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)


**سەرپەرشتیکردن**

پ. ی . د. سالم جاسم حاجی　　پ. د. صلاح محمد سلیم

پ. د. نشوان شکری عبداللە　　د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی		پ. د. صلاح محمد سلیم
پ. د. نشوان شکری عبدالله		د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)


- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە


https://genocide.krd

info@genocide.krd

/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd

009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن كريم دەروێش | زانكۆی سۆران |
| پ. د. مصطفى صابر عەتار | زانكۆی سەڵاحەددین |
| پ. د. نەشوان شكرى عبدلله | زانكۆی دهۆك |
| پ. د. سيروان جەبار ئەمين زەند | زانكۆی سۆران |
| پ. ی. د. ميديا ئيبراهيم فەتاح | زانكۆی سۆران |
| پ. ی. د. كارزان عبدالمحسن محمد | زانكۆی سەڵاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانكۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەليل مصطفى عوسمان | زانكۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شارى خاليد | زانكۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانكۆی دهۆك |
| م. ی ئامانج نەجمەدين عبدالغفور | زانكۆی سەڵاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانكۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافوره |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفه کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریه |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆنده | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی له لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهره |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەرایيبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزاده تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبدالله دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی رووربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ وموڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ وموڵکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و موڵکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شڕۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە،  لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار  بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیوادارین ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی  زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێڕست


1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی (فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شڕۆڤەکارانە

**پ. ی. د. عێباد رۆحی** ............ 15

2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە

**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح** ............ 29

3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان

**پ. د. نەرمین علی**............79

4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین

**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر** ............ 115

5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە

**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین** ............ 145

6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد** ............ 173

7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991 لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی

**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد** ............ 197

8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی

**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام** ............ 233

9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە

**م. شمال خمو خضر** ............ 303

10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی

**د. شیلان یاسین خضر** ............ 335

11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی

**خەلیل سەلیم** ............ 363

12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا (جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)

**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر** ............ 383

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ......................................................................... 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد .................................................. 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح ............................................................................... 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) ............................................................................ 469**

# سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی

د. شیلان یاسین خضر
زانكۆی سه لاحهدین/ ك ۆلێژی ئاداب/به شی راگه یاندن

**پوختەی تویژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەرووی ئەو بەڵگەنامانە و دیکۆمێنتانە و دۆزینەوەی ئەو ژمارانەی (رۆژنامەی الپورە) و بلاوکردنەوەی لەو کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییە

گرنگی توێژینەوە: لایەنی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عیراق لەخۆ دەگرێت و لە میدیاکانیشدا بەتایبەتی ( رۆژنامەی الپورە) کە زمانحالی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو. بە ئاشکرا پروپاگەندەی بۆ رێگەدان بە دەرکردن و لە ناوبردنی کوردانی فەیلی داوە بەبیانوی ئەوەی کە ئێرانین و عێراقی نین.

توێژینەوەکە وەسفییە و پشتی بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەستووە، سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە (رۆژنامەی پورە لە ساڵانی 1981-1980).

توێژینەوە دەگاتە چەند دەرئەنجامێك گرنگترینیان:

لە دوای هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات، کوردە فەیلیەکان ڕووبەڕوی شاڵاوی توندی ڕاگواستن و لەناوبردن بوونەوە، بە بیانووی ئەوەی کە ڕەچەڵەکیان ئێرانییە. بەپێی بڕیاری 666 بە فەرمی مافی هاوڵاتیبونیان لێسەندرایەوە، ئینجا دەست گیرا بەسەر ماڵ و سامانەکانیان. هێرشی زۆر توند و دڕندانە دەکرانە سەر کوردە فەیلیەکان، بە زەوتکردنی ئافرەت و کوشتنی پیاو و منداڵەکان، کە لە مێژوودا کەموێنە بووە.

لەکۆتاییشدا توێژەر چەند راسپاردەیەکی خستۆتەروو گرنگترینیان:

1- کەیسی راگواستن و کوشتنی کوردانی فەیلی بە تاوانی جینۆساید. بەنێودەولەتی بکرێت.

2- ئەنجامدانی هەڵمەتی جۆراوجۆرو ناساندنی زیاتری فەیلییەکان.

کلیلی تویژینەوە: سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی، رژێمی عێراق، کوردانی فەیلی، جینۆساید، جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی.

## پیشەکی:

ئەو نەتەوەو گرووپەی لە مێژوودا ڕووبەڕووی جینۆساید دەبێتەوە، دەبێتە گرووپێکی ڕێزلێگیراو. هەر میللەتێکیش بەشێکە لە مرۆڤایەتی، لە ڕووی کولتوور، شارستانی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، واتە کوردە فەیلییەکانیش بەشێکین لە مرۆڤایەتی. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی زۆری ئەو ستەم، هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. جینۆساید چەندین دەوڵەتی دروست کرد و دەیان گەلیش بە بەکارهێنانی ئازارەکانیان توانییان مافە بەدەسهاتووەکانیان بپارێزن و ئەو مافانەش بەدەست بهێنن کە لێیان زەوت کراوە، ئەمەشیان لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ ئازارەکانیان کرد و توانییان جیهان بکەن بە بەرگریکاری جینۆسایدەکەیان، تەنها جینۆساید بەسە بیکەین بە ناسنامەی کوردە فەیلییەکان. ئەوەتا کوردانی فەیلی، قوربانییانی یەکەمی جینۆسایدی گەلی کوردن و تاوانی کۆمەڵکوژکردنی فەیلییەکان یەکێکە لە درندانەترین تاوانەکانی حزبی بەعس لەدژی نەتەوەی کورد. کێشەی کوردانی فەیلی لە عێراق، دوای جەنگی جیهانی یەکەم (1918-1914) و دروستبوونی دەوڵەتی عیراق لە (1921) بەپێی ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ دەستی پێکرد، لە یەکەمین بریاری یاساییدا بۆ هاولاتیانی عیراقی یاسای ژمارە ( 42 ی سالی 1924 ) بەوەی کە عیراقییەکانی سەر بە (تەبەعییەی ئێرانی) پاشکۆی ئێرانین، بە هاولاتیانی پلە دوو و پلە سێ ئەژمارکران و دەسەلاتدارانی ئەوکاتی عێراق کوردی فەیلییان خستە خانەی پاشکۆی ئێرانی. سەرەڕای ئەوەی کە کوردانی فەیلی وەکو هاوڵاتی پلە دووی عێراقی دەژمێردران، بەڵام لە دامەزراندنی ئابووری دەولەتی عیراقەوە لەرووی خاوەندارێتی تایبەتدا بەشدارییان کرد. بۆیە دەلێن لەرێگای خاوەندارێتی تایبەت چونکە دەرگای دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا بەسەریاندا داخراو بوو، لەرووی سیاسیشەوە فەیلییەکان بەشدارییەکی چالاکانەی جموجۆلی بزووتنەوەی دیموکراسی عیراقی و کوردستانی بوون. لەبەرامبەر سەرنەکەوتنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە بەدەستهێنانی پشتگیری فەیلییەکان بۆ بەرژەوەندی دەسەلات فەیلییەکان بوونە ئامانجی زەبرو لێدانی سەرەکی لەلایەن سیستەمی دەسەلاتی بەعس لە عیراقدا. هەر بۆیە دەولەت دەستی کرد بە زۆرە ملی راگواستنی کوردی فەیلی بۆ ئیران. ئەمەو سەرەڕای گرتن و راگواستنی بەردەوام و بەزۆر دەرکردنیان لە عیراق.

### بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە و چەمکەکان

#### باسی یەکەم: ڕێکاری توێژینەوەکە

#### یەکەم: کێشەی توێژینەوە

کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی چەندین جار ڕووبەڕووی هەوڵی لەناوبردن و جینۆساید بووەتەوە، کەم ناوچەی کوردستان هەیە بەر شاڵاوەکانی جینۆساید، ئەنفال، بۆردوومان، کیمیاباران نەکەوتبێت. لەکێشەی توێژینەوە باسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەکەین، کە فەیلییەکان لەنێوان دوو بەرداشی کورد بوون و شیعەبوون زەرەرمەندبوون.

**دووەم: گرنگی ئەم توێژینەوەیە**

لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لایەنی میدیایی و پڕۆپاگەندەیی رژێمی عیراق لەخۆ دەگرێت و لە میدیاکانیشدا پشتراستکراوەتەوە بەتایبەتی (رۆژنامەی پورە)، کە زمانحالی حزبی بەعس بوو. بەئاشکرا ئەم بابەتەی باسکردووەو پڕۆپاگەندەی بۆ رێگەدان بە دەرکردن و لەناوبردنی کوردانی فەیلی داوە بەبیانوی ئەوەی کە ئێرانین و عێراقی نین.

**سێهەم: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵی بەجێگەیاندنی کۆمەڵە ئامانجێك دەدات، ئامانجە پەیوەندارەکان بەتوێژینەوەکە هێمای سەرەکییە بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەخستنەرووی ئەو بەڵگەنامانەو دیکۆمێنتانە و دۆزینەوەی ئەو ژمارانەی رۆژنامەی (پورە) و بلاوکردنەوەی لەو کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی ببێتە کەیسێکی نێودەوڵەتی. ئامانجیکی دیکەی نیشاندانی ئەو زوڵم و ستەمەی کە دەرحەق بە پیکهاتەیەکی سەرەکی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عیراقی کراوەو ئەو ترسەی بەردەوام لەگەڵیان ژیا.

**چوارەم: گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە**

توێژەر بۆئەوەی بگات بەئامانجی توێژینەوەکەی چەندین گریمانەی خستۆتەڕوو بەمشێوەیە:

پەیوەندی ئاماری بەهێز لەنێوان ستراتیژیەتی سیاسەتی میدیایی و پڕۆپاگەندەیی رژێمی عێراق و بریارەکانی سالی 1981-1980 کە لەرۆژنامەی (پورە) بلاوبوونەتەوە لەرووی (دارشتنی ئامانج، پەیام، شێوەی دەرخستن) هەیە.

پەیوەندی ئاماری بەهێز لەنێوان پەیامی سیاسەتی میدیایی و پڕۆپاگەندەیی رژێمی عێراق و بریارەکانی تایبەت بەکوردانی فەیلی بەگوێرەی (بیرۆکە، هێزەکاراکان، رێرەوی سەلماندن، چوارچێوەی پشت بەستن) هەیە.

**پێنجەم: جۆری توێژینەوەیە**

توێژینەوەکە وەسفییە و پشتی بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەستووە. چونکە مەنهەجێکی گونجاوە، بۆ مەبەست و سروشتی دیاردەیەکی میدیاییە، کە زانیاری لە بارەیەوە لەبەردەست دابێت. بەئامانجی گەیشتن بەناوەرۆکی بریارەکانی رژێمی عێراق لەلایەنی چەندییەتی و جۆری و ناوەرۆکی بریارەکان.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو**

ئەو ئامرازانەی لەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوە بریتییە لەمانە:

شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ بریارەکانی رژێمی عێراق سەبارەت بەکوردە فەیلییەکان.

سیستەمی کۆمپیوتەری: بەرەو پێشچونێکی خێراو گرنگی لەخۆگرتووە، لەچوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە،

زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش سوودیان لێوەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گۆرینیان بۆ شێوەی داتا. لەگەڵ بەکارهێنانی هێلکاری نیشاندراو بۆ بەرچاو روونی خوێنەران.

**حەوتەم: چەمك و مەبەستی توێژەر لەو چەمکانەی، کە لەم توێژینەوەیە بەکاریهێناوە**

لەم باسەدا توێژەر هەوڵیدا بەپێی ناونیشان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە چەند چەمکێکی زانستی و زاراوەی تیۆری و کارایی بخاتەڕوو بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان بەپێی پێویستییەکانی توێژینەوەکەو پێویستی مەنهەجی لەوانەش:

سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی: یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی هەڵمەتی سیاسی، هەوڵێکی چەواشەکاری رێکخراوە، بۆ گۆڕینی ڕاستییەکان و قەناعەت پێهێنان و رازی کردنی بەرامبەر، یان جەماوەر. دروستکردنی کاریگەری لەسەریان وگۆڕینی ئاراستەکان و بیرو بۆ چوونیان. دروستکردنی ڕای گشتی. ئەمەش لەڕێگەی دەزگا میدیاییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. (صاصيلا،1997، ص365).

حکومەتی عێراق: کە باس لە حکومەتی عێراق دەکەین، مەبەستمان ماوەی حوکمرانی سەدام حوسێن دەگرێتەوە، کە لە 16 یولیۆی 1979 تا 9 ئەپریلی 2003، بوو. وە باس لەخراپەکارییەکانی حکومەتی عیراق بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن دەکەین بەرامبەر بە کوردانی فەیلی و ساڵی 1981-1980 بەنموونە وەرگیراوە. ڕژێمی سەدام حسێن لە سەرەتای شەڕی 1988-1980 لەگەڵ ئێران دەیان هەزار فەیلی کوشت و دەستبەسەر و دیپۆرتی کرد و بە فارسی نامۆ و سیخوڕ بۆ ئێرانییەکان ئیدانەیان دەکردن.

کوردانی فەیلی: فەیلییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەیەکەوە هاتوون لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق کە سنووری ئێران و عێراق دەبڕێت. کۆمەڵە کوردێکی ڕۆژهەڵاتین لە لوڕستان و کرماشان و ئیلامی سەر بە ئێران دەژین. (Human Rights 1993، p.16)

بەشێکیشیان پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعەی عێراقین، لەڕۆژهەڵاتی دیجلە لە بەغداد و پارێزگای دیالە لە ناوچەکانی (مەندەلی، زڕباتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین) وکەرکووك وکوت و عەمارە و بەسرە دەژین. بەشێکی دیکەش لە سلێمانین، پێیان دەوتریت (کوردی گەرمیان). زۆربەی مێژوونووسان، کۆکن لەسەر ئەوەی، کە فەیلییەکان لە ڕەچەلەکی (ئیلامی) یا (گۆتییەکان) بوون، کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ژیاون، لە دەستووری عێراقدا وەك نەتەوەی کورد ناسێنراون. (غلام، 2021، ص: 11).

جینۆساید: جینۆساید ڤینۆمێنی کوشتنی بەگروپە؛ بینەبیب(2009) دەڵێ ڕیشەی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەهەردوو وشەی گریکی، گینۆس(Genos) بەواتای (خەڵك؛ گروپ) و پاشگری ساید (cide)ی لاتینی بەواتای (کوشتن) دێ. جینۆساید پراکتیکردنی لەناوبردنی گروپی ئێتنیکی یان نەتەوەییە.(قەرەداغی، 2019، ل27) بە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆریی ئاستی ئەو تاوانانەی بە جینۆساید ناو دەبرێن، پێناسەی جیاوازو جۆربەجۆریش بۆ ئەم چەمکە کراوە. جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە، کە لەسەرووی هەمووی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندایە. واتە گەورەترین و مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییە. (جەمال، 2013. ل149).

جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی: چەند ڕووداوێك لە مێژووی کورد لە هەرێمی کوردستان و عیراق هەن کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بواری جینۆساید؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. دادگای

بالاّی تاوانکاریی عێراقی کە لە ساڵی 2005 دامەزراوە، بەگوێرەی مادەی 11 کە پێناسەی جینۆساید دەکات، چوار کەیسی کوردی بە جینۆساید ناساندووە، کەیسەکانیش بریتین لە ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کوردانی فەیلی و کیمیابارانی هەڵەبجە.

**باسی دووەم: تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی**

لەبەر ئەوەی توێژەر مەبەستیەتی لەم توێژینەوەیەدا پشت بەتیۆری نزیك و پەیوەست بە توێژینەوەکەی و ناوەرۆکی بابەتەکە ببەستێت لێرەدا تیۆری شیکردنەوەی گوتار (تحليل الخگاب) بەبڕوای توێژەر لە گشت تیۆرە میدیاییەکان نزیکترە لەم بابەتەدا، چونکە لەم تیۆرەدا سەرجەم بڕیارەکانی کە لەلایەن رژێمی عێراق دەرکراون و تایبەتە بەکوردانی فەیلی لە(رۆژنامەی پورە) ساڵی 1980 1981- شیکرندنەوەی ناوەرۆکی بۆ دەکەین، ئەم بریارانەش سەرەتا بە گوتار (بيان رسمی) ئەوکات لەلایەن سەدام حوسین سەرۆکی رژێمی عێراق دەرکراون و خوێنراونەتەوە. بۆیە توێژەر بەباشی زانی تیۆری شیکردنەوەی گووتار بەکاربینێت:

أ- سەرهەڵدانی تیۆرەکە و پێشکەوتنی: تیۆری شیکردنەوەی گوتار بەمیتۆدێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی و چەندێتی دەژمێردرێت. ئەم میتۆدە دیدێکی لێکدانەوەیی تێدایە بۆ واقعی کۆمەڵایەتی. (عبدالعزيز، 2012، ص303) بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی باس لەتیۆرەکانی شیکردنەوەی گوتار دەکەن، (میشیل فۆکۆ) کاریکرد لەسەر دامەزراندنی شیکردنەوەی گوتار, کە چەمکێکی گشتییە بۆ ژمارەیەك رێباز لە بەکارەێنانی شیکردنەوەی نوسین و نوسراو و دەنگ یان زمانی ئاماژە بەکاردێت، مانای ئەوەیە خوێندنەوەی گوتار و گواستنەوەی لە نادیارەوە بۆ دیار.(بغوره، 2000، ص21).

ب- کەرەستەکانی شیکردنەوەی گوتار: توێژەر پشتی بەچوار کەرەستە بەستووە، ئەمەش بەپێی جەختکردن لەسەر شیکردنەوەی بڕیارەکان و دواتریش لێکۆڵینەوەیان، کەرۆڵی خۆیان دەبینن لەوەی کە دەیخەنەروو، ئەم کەرەستانەش ئەمانەن: بیرۆکە، هێزەکاراکان، رێرەوی سەلماندن، چوارچێوەی پشت بەستن).

کەرەستەی شیکردنەوەی بیرۆکە: بیرۆکەیەکە، هزرێکە یان مانایەکی دیاریکراوە بەرهەمهێنەری گوتار دەیەوێت بەوەرگری بگەیەنێت، بەجۆرێك تێگەیشتنی گوتار بەو شێوەیە بێت، کە بەرهەمهێنەری گوتار دەیەوێت. شیکردنەوەی بیرۆکە، دەروازەیەکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی گوتار، چونکە بیرۆکەکە، بونیەیەکی یەکگرتووە بەرهەمهێنەری گوتار بەنیازی چەند ئامانجێکی دیاریکراو پێشکەشی دەکات. (شومان، 2007، ص 124).

کەرەستەی شیکردنەوەی هێزە کاراکان: مەبەست لەهێزی کارا ئەو کەس و دامەزراوەو حکومەت و دەوڵەت و رێکخراوانەیە، کە کاردەکەن یان سیاسەتێك تەبەنی دەکەن، رێنمایی دیاریکراو دەگرنەبەر شیکردنەوەی هێزەکاریگەرەکان ئەنجامدەدرێت، لەمیانەی چاودێریکردنی هێزە هاوردەکان لەگوتاردا و پۆلێنکردنی بۆ چەند کۆمەڵێکی دیاریکراو بەپێی پێوانەی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە. رەنگە پۆلێنکردن بۆ چەند هێزێکی لایەنگیر و ئۆپۆزیسیۆن یان بۆ چەند هێزێکی فەرمی میللی بێت. (عبدالمقصود،،2012، ص 28)

کەرەستەی شیکردنەوەی رێرەوی سەلماندن: مەبەست لەمە شیکردنەوەی رێرەوی سەلماندن و چاودێریکردن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانە، کە نوسەر بەکاریدێنێ یان ئەوەی دەدوێ لەسەلماندنی یان رەتکردنەوەی یان گومانکردن، لەو گوتە و بیرۆکە و راو زانیاری و رووداوانە، رەنگە زمانی گفتوگۆ ببێتە زمانی ئاراستەکردن و رازیکردن. (عبدالعزيز، 2012، ص311) رێرەوی سەلماندن توێژینەوە زانستیەکە

دەولەمەند دەكات، كەمو كوری تایبەت. بە شیكردنەوەی ناوەرۆك لە پێوەری جیاكردنەوە لە نێوان شیكردنەوەی چەندێتی و چۆنیەتی چارەسەر دەكات.

كەرەستەی شیكردنەوەی چوارچێوەی پشت بەستن: مەبەستی ئەو بوارە پشت بەستنە بۆ لێك تێگەیشتنی لێكۆڵراو، كەبریتیە لەهەموو ئەو سەرچاوانەی لەدەقەكەدا هەن، وەكو ناوی كەسەكان دامەزراوەكان و شار، بەڵگەنامەو رێككەوتنەكان و سەردەمەكان و كاتەكان. (عبدالعزیز، 2012، ص312)

ج- كەم و كوری و رەخنەئاراستەكراوەكانی تیۆری شیكردنەوەی گوتار: توێژەرانی راگەیاندن ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە، ئەم تیۆرە كار دەكات بۆ بریاردانی پێشینەیی (سەرەتایی) كەموكورییەكی دیكەش ئەوەیە كە: گوتاری راگەیاندن هۆكارێكی گۆراو نییە لەنێوان دامەزراوەی راگەیاندن و جەماوەر بەتەنەا بەڵكو بەرهەمێكی زمانەوانی و مەعریفییە، بەرەەمی مانا دووبارە دەكاتەوە بەماناو ئایدیۆلۆجی. كە هاوبەشن لەنێوان رۆژنامەنوسەكانداو وەرگرەكاندا (خوێنەر، بینەر، گوێگر). كە دوو بونیەی جیاوازن (جبارە، 2012). وەكو:

بونیادی گشتی: كاردەكاتەسەر بریاردانی گوتارە سروشتییەكان، كەبریتین لەگوتاری راگەیاندن (سیاسی، ئەدەبی، رۆشنبیری).

بونیادی تایبەتمەند: ئەم ستراتیژییە بایەخ بەكراوەیی شیكردنەوەی گوتاری راگەیاندن دەدات، لەسەر زانستەجیاوازەكان گرنگترینیان (مرۆیی، مێژوویی، دەروونزانی، سیاسەت و زانستی كۆمەڵایەتی و ەتد...).

باسی سێیەم: توێژینەوەكانی پێشوو

هەر توێژینەوەیەكی راگەیاندنی پێشوو دەتوانین سوودی لێوەربگرین، هەر توێژەرێك دەتوانێت بگەرێتەوە سەر نامەكانی راگەیاندنی بێگانەو هەرێمایەتی و ناوخۆیی لەگەڵ دیاریكردنی بابەتەكانی دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت، بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەكەی توێژەر، لەگەڵ دەستنیشانكردنی گرنگی بابەتەكەو كاریگەری لەسەر ئامانجەكانی بەدیەێنانی هەر هەڵبژاردنێك و دیاریكردنی نەریتەكانی هەر هەڵبژاردنێك.

یەكەم: توێژینەوەی كوردستانی: نامەی ماستەری (سوزان كەریم صالح) كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ساڵی(2014)، بەناونیشانی:(رەوشی سیاسی كوردە فەیلییەكان لە عیراقدا 1958- 1980) توێژینەوەیەكی مێژووییە، توێژەر خەباتی كوردە فەیلییەكانی لەدۆزی رەوای گەلی كورد خستۆتەروو.

دووەم: توێژینەوەی عیراقی: 1- نامەی ماستەری (سیناو صلاح عباس الجاف) كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغداد، ساڵی(2014)، بەناونیشانی: ( الكورد الفیلیون – دراسة انثرۆثۆلۆجیە)، توێژەر مێژوویی هەبوونی كوردانی فەیلی لە عیراق و رۆڵە جیاوازەكانیان و رووداوە گرنگەكانی ژیانیان و چالاكییەكانیانی خستۆتەروو. سەرەڕای تیشك خستنەسەر كۆچرەوە مێژووییە گەورەكەی ساڵی 1980 و بەرەنگاربونەوەكانی ناەموارى ژیانیان لە ساڵانی 2003-1981.

2- نامەی ماستەری (اسراو نوری غلام) كۆلێژی پەروەردەیی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی واسط، ساڵی (2020)، بەناونیشانی:(الكرد الفیلیون فی العراق، جدلیە مواطنة وتراجیدیا التهجیر)، توێژینەوەیەكی وەسفی شیكارییە. توێژەر نووسیویەتی سەرەڕای ئەوەی خاكی عێراق خاكی سەرجەم پێكەاتە و كەمایەتییەكانە ( عەرەب، كورد، توركمان، كلدان، ئاشوری تێدا ژیاوە). كەچی حكومەتی پێشوو لە نیسانی

1980 ژێرخانی عێراق و پێکهاتەکانی گۆڕی و سەدان هەزار کوردی فەیلی لەعێراق بەدەرکردن و راگواستن و گرتن دا و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی ئەوکات (م. ق. پ.) چەندین بریاری لەدژی کوردانی فەیلی دەرکرد و زوڵم و ستەمێکی زۆری لیکردن

## بەشی دووەم: جینۆساید؛ چەمك، زاراوە، تاوانی نێودەوڵەتی

### باسی یەکەم: سەرهەڵدانی چەمکی جینۆساید

جینۆساید واتە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراودا، دوای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، رافائیل لێمکین پارێزەر و یاساناسی پۆڵەندی بە ڕەگەز ئەمریکی، لە ساڵانی (1901 - 1959) ژیاوە، بۆ یەکەم جار لەساڵی (1944) ئەو زاراوەی داهێناوە و لەکاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی (هۆلۆکۆست) دوای ئەوەی ئەدۆڵف هیتلەر سەرۆکی ئەڵمانیای نازی، کۆمەڵکوژیەکی بێ وێنەی لە دژی جوولەکەکانی ئەوروپا، ئەنجامدا. کە بەترسناکترین تاوانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. (حاجی خدر، 2018. ل 241). لە ئەنجامدا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕۆژی (9/12/1948) ڕێککەوتننامەی بەربەندکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی لە شاری پاریس دەرکرد و بۆ یەکەمین جار جینۆساید بو بە یاسا. (تۆفیق،2017. ل73 ). ئەم ڕێکەوتننامەیە لە نۆزدە مادده پێکهاتووەو لە (12/1/1951) وە کارپێکدەکرێت. لە بەندی دووەمی پەیماننامەکەدا بە گونجاندنی تیۆریی جینۆسایدی لێمکین، جینۆساید پێناسە دەکات بەوەی کە: "کرداری پلان بۆ دارێژراوی لەناوبردنی بەشێك یان سەرجەمی گروپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینییە،(عەبدولقادر،2008، ل26).

لە ڕوانگەی لانگەوە (2005) تاوانی جینۆساید دەکرێت بە پێنج شێواز ئەنجامبدرێت هەروەك لە ماددەی (3) دا پێناسە کراوە. لە بڕگەکانی (5-4-3-2) ی ئەو مادەدا هاتووە هەریەك لە کردارەکانی: (کوشتن، ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆك کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان). بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان بە جینۆساید دادەنرێت.(Lang، 2005) بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆسایدیش، ئێمە بڕیاری پەرلەمانی عێراق و بڕیاری دادگای تاوانکاریی عێراقمان هەیە. لە تاوانی جینۆسایدیشدا کەم و زۆریی ژمارەی قوربانییەکان مەرج نین، مەرجی تایبەتی بۆ ویستی تاوانکار ئەوەیە ئەو کۆمەڵە مرۆڤێك بفەوتێنرێت، کە تاوانەکەی بەرامبەر کراوە.

جۆرەکانی جینۆساید: دەتوانین چەند جۆریك لە جینۆساید لەم باسەدا بخەینەروو لەوانەش:(گوڵ.، 2003، ل21)

1- جینۆسایدی جەستەیی: بریتییە لە دەستدرێژیکردنە سەر ژیان و تەندروستی و سەلامەتی جەستەیی: وەك: گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شونبزرکردن،لەسێدارەدان، (Johnson، 1990) بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ. بۆ نموونە: کوشتن و لەناوبردنی گەنجە کوردە فەیلییەکان،

2- جینۆسایدی بایۆلۆژی: بریتییە لە دەستدرێژیکردنە سەر گەشەکردنی گرووپێکی مرۆیی لە ڕێگەی لەباربردنی ئافرەتان و نەزۆککردنی پیاوان.

3- جینۆسایدی ئابووری: بریتیە لە برسیکردنی دانیشتوان لەڕێگای تەخت کردنی کێڵگە کشتوکاڵیەکان و لەناوبردنی سەرچاوەی ئاویەکان و ڕێگا گرتن لەکارکردن بۆ بژێوی ژیان.(ONeill، 2009(pp.1-26)

4- جینۆسایدی کولتوری: قەدەغەکردنی زمانی زگماك، شێواندنی مێژوو و کولتوری کۆمەڵە مرۆڤیك و سڕینەوتی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی دەگرێتەوە.

## باسی دووەم: کێشەی کوردە فەیلییەکان

کوردە فەیلییەکان لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەگەڵ توێژوچینەکانی دیکەی کۆمەڵگای عێراقی ڕووبەڕووی جیاکردنەوە بوونەتەوە. لە ساڵی 1924یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی جەختی لە دابەشکردنی گەلی عێراقی کردەوە بۆ سێ بەش لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە. لەبەر ئەوەی کوردە فەیلیەکان ڕێبازی شیعەبوون، بەڕەچەڵەك ئێرانی ناونووسکران. بۆیە هەمیشە کەوتوونەتە بەر هێرشی دەسەڵاتدارانی عێراق. لە دوای هاتنی حکومەتی بەعس بۆ سەر دەسەڵات و 17ی تەمموزی 1968، کوردە فەیلیەکان ڕووبەڕووی شاڵاوی توندی ڕاگواستن و لەناوبردن بوونەوە، (بگاگو، 2015، ص60).

## کاریگەری جینۆسایدکردن لەسەر کوردانی فەیلی

جینۆساید بۆ هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری، هەڵوەشاندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و وێرانکردنی دۆخە تەندروستییەکەی بوو، ئەمە جگە لە دەیان زیانی دیکە، کە تاکو ئێستاش کاریگەرییان لەسەر کوردانی فەیلی ماوە. لەوانەش: دابڕاندنی خەڵکەکەی، زیانی گەورەی ئابووریی، هەزاران کەس بەگەنجی کوژران، هەزارانی دیکەش تا 2023 بێشەروشوێن، (النعیمی،2006). لەڕووی کۆمەڵاتییەوە خەڵکەکەی لەیەك دابڕان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاڵ بوونەوە. لە ڕووی کولتوورییەوە زیانی مەزنی پێگەیاندن، هەر لەبارەی کاریگەریی زیانەکان جینۆساید زیانێکی زۆر گەورەی  لە ئاستی نەتەوەییدا، لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری وێرانی کرد. زیانێکی زۆر بە ژێرخانی ئابووری کەوت. (غلام،  2021. ص11).

## باسی سێیەم: بارودۆخی کوردانی فەیلی و کۆچپێکردنی 1980 و ڕێگاکانی کۆچپێکردن

1-1 بارودۆخی کوردانی فەیلی بەر لەبریاری کۆچپێکردن:

لەسەردەمی حکومەتی بەعس فەیلییەکان خەریکی چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری خۆیان بوون و لەشارەکان دەژیان بەتایبەتی بەغدا، خەریکی بازرگانی و کاری دوکانداری و ڕۆشنبیری و سیاسی بوون. چەند فاکتەریك بوونە هۆی بریاری کۆچپێکردن لەوانەش:

1- فاکتەری ناوەکی: ڕژێمی بەعس بەشداریکردنی سیاسی لەحزبی شیوعی عیراقی و حزبی دەعوەی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە نایاسایی دادەنا، بەخیانەتی گەورە لە قەلەمی دەدا.( البراك، 1985، ص217-216). جا لەبەر ئەوە هەرچی خەریکی کاری سیاسی بوایە لەلایەن ڕژێمەوە ڕووبەرووی پەلامار و ئازاردان دەبووەوە.

2- فاکتەری دەرەکی: فاکتەری دەرەکی کاریگەری زۆری ەەبوو لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی و شەقامی عیراقی لەوانەش: سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئیران 1979 و هاتنی سەدام حوسێن بۆ سەر حوکم وایکرد کوردی فەیلی جیابکرێنەوە لەگەلی عیراق. (المندلاوی، 2011، ص35).

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

### باسی یەکەم:

### یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوە

